**Party Jiyani Azadi Kurdistan**
www.pjak.com
pjak@pjak.com

PJAK

بۆ رای گشتی

لە ریکەوتی 9 هەتا 2005/11/19 بە بەشداربوونی زیاتر لە 200 نوێنەر و میوانی بانگهێشت کراو، کۆنگرەی دووهەمین و ئاوەرتەی PJAK بە سەرکەوتوویی بەرێوە چوو. بارودۆخی سیاسی هەستیاری رۆژهەلاتی ناوین و بە تایبەتیش گۆرانکاری ناوخۆیی رژیمی کۆماری ئیسلامی، کێشەی کورد لە ناوچەکە و راگەیاندنی سیستەمی "کۆما کۆمەلانی کوردستان" و ئەو رەوشە تایبەتیەی رۆژهەلاتی کوردستان دوای سەرهەلدانەکان و بە پێی ئەوەش کۆمەلێك هۆکار و پێویستی ناوخۆیی ریکخستنی هۆکارە سەرەکییەکانی ئاوەرتەبوونی کۆنگرەی دووهەمی PJAK بوون. لە کۆنگرەکەماندا رەوشی سیاسی، کار و خەباتی ریکخستنی دووسالی رابوردو و بە تایبەتی رەوشی رۆژهەلاتی کوردستان بە تێروتەسەلی هەلسەنگێندران و لەگەل نوێکردنەوەی پەیرەو و پرۆگرامی PJAK رێنومایی و پلان و پرۆژەی دەولەمەند لە هەمو بوارەکاندا بۆ داهاتوو دەست نیشان کرا.

هەرچەند دەستێوەردانی ئێراق لەگەل خۆی قۆناخێکی سیاسی نوێ بۆ هەرێمی رۆژهەلاتی ناوین هێناوەتە ئاراوە و بە لەبەرچاوگرتنی هەمو رووداوەکانی ئەو ماوەیە، ئاشکرایە کە پێشکەوتن و گۆرانکاریەکان بە گوێرەی بەرنامە و پلانی دارێژراو بەرێوە ناچن و میتۆدە سیاسیەکان بە شێوەیێکی رووکەشیانە کێشەکان دەگرنە دەست. کۆکراوەیێك لە کێشە جۆراوجورەکانی هەرێمەکە هەر کامەی رەهەندی هەمەلایەنەی مێژوویی و هونوکەیی لەگەلدایە و کاریگەری لە سەر رەوشەکە و رەوتی گۆرانکاریەکان دەکات و لە لایێکی تریشەوە گونجاونەبوونی شێوازەکانی چارەسەری کە پەیرەو دەکرێت، لە هەرێمەکە و بە تایبەتی لە ئێراق زۆرینەی کێشەکانی بە هەلۆاسراوەیی هێشتۆتەوە و داهاتوییێکی تەم و مژاوی لەو ولاتە بەدی دەکرێت و گەرەنتی چارەسەرئامێزانە وەکو دیاردەیێك هەر دەروات و رەنگی کال دەبێتەوە. راستەقینەی ئەو کەش و هەوایە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو چەمکانەی کە بە ناوەندێتی دەسەلات و پاوانخوازی و میتۆدی لەو شیوەیە هەول دەدەن لەگەل واقێعی مێژوویی و کەلتوری ناوچەکەو هەروەها گەلان وەکو میکانیزمی بنەرەتی گۆرانکاری ناکۆکە و پەسەند ناکرێت بۆیە تەنیا رێگای دەرکەوتن لەو قەیرانانە پشت بەستنە بە دیموکراسیەتی گەلان و ئەو رێوشوێنە سیاسیانەی کە بە ناوەندێتی گەل و بەرژەوەندیە بالاکانی بەرێوە دەچێت و ئەوە بۆ ناوچەکەو بە تایبەتی بۆ ئێراق هەر دەچێ زیاتر خۆی دەسەپێنێت. رژیمە کۆنەپارێزەکانی ناوچەکە لە بەرامبەر هێزی دینامیکی ناوخویێ و هاوکات دینامیکی دەرەکی بۆ گۆرانکاریەکی بنەرەتی و دیموکراتیانە، دەستیان داوەتە پاراستنێکی کوێرانە و هەمو هێزی خۆیان لەو پێناوەدا کۆکردۆتەوە و چاویان بەرووی گۆرانکاریەکان گرتووە. ئەو رژیمانە هاوکات دژبە میکانیزمەکانی گۆرانکاری سیاسەتی هاوبەش و شیوەیێك لە هاوپەیمانیەتی پەرە پێدەدەن کە سەرەکیترین رەهەندی

ئەوەش سیاسەت و هاوپەیمانیەتی ئانتی كورد و دارشتنی كونسیپتی هاوبەش دژبە گەلی كورد و بزاڤە ئازادیخوازەكەیەتی. رژیمە داگیركەرەكان بە كونسیپتی هاوبەش هەوڵ بۆ لە ناوچونی ئەو دەرفەتانە دەدەن كە بۆ چارەسەری كێشەی كورد رەخساوە و بە تایبەتی پێداگری لە سەر پاكتاوكردنی هێزی پێشەنگی ئازادیخواز و تەریك كردنی رێبەر ئاپۆ و پاكتاوكردنی دەستكەوتەكانی گەلی كورد دەدەن.

رژیمی كۆماری ئیسلامی ئیران لە قەیرانی ترین رەوشی سیاسی خوێ دایە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە و ئەوەش هاوكاتە لەگەڵ ئەوەی كە ئەو رژیمە قەیرانیترین رژیمی رۆژهەڵاتی ناوینە. ناوەرۆكی كێشە و ئالۆزیەكانی رژیمی ئیران لە ئاستی كائوسێكی هەمەلایەنە دایە. رژیمی تیوكراتی ئێران لە بنەمادا یەكێك لە ئامانجە سەرەكییەكانی دەستێوەردانی دەرەكی بە تایبەتیش ئەمریكایە. ئەو بابەتە لە بواری ئایدئولوژی، سیاسەت و ئابووری داخراوی رژیم خوێ دەسەپێنێت بەڵام رووداوەكانی هەریمەكە كە هاوپەیمانەتیەكی سیاسی رژیمە كۆنەپارێزەكانی تێدا قووڵ دەبێتەوە و بە قووڵبوونەوەی رەوشی نائارامی لە ئێراق و گرینگتر لەوەش یەك نەگرتنی هەڵوێستی هێزە دەرەكییەكان وەكو یەكیتی ئەوروپا، روسیا، چین و چەندین هێزی هەرێمیش لەگەڵ ئەمریكا، بارۆدۆخێكی وەهای هێناوەتە ئاراوە كە دەستێوەردانێكی كۆرت ماوە و یان بە شێوەی ئێراق لە سەر ئێران بەدی ناكرێت. دیارە ئەوە بەو واتایە نیە كە ئەو كەش و هەوایە لە سەر رژیمی ئێران نەماوە بەڵكوو هەر دەچێت و بنبەستەكانی زیاتر دەبن. هەر چەندە رژیم بە پەرەپێدانی پشتگیری تیروریزم و قووڵكردنەوەی ئالۆزیەكانی ئێراق و بەكارهێنانی كارتی ئابووری بە تایبەتی نەوت، هەوڵی دەركەوتن لە قەیرانەكانی دەدات بەڵام بە گشتی لە رەوشێكی پاراستنی و لەوپەڕی لاوازی دایە و دەنگۆی هێرشكاری خوێ بە تایبەتی لە بەرامبەری ئیسراییل و ئەمریكا بە ناوەرۆكێكی پاراستنییەوە بەرێوە دەبات و لەگەڵ ئەوەش بە سیاسەتێكی شاراوە ئامادەی هەر شێوە راهاتنێكە. لە نێوان ئەو هەمو گەمارۆیە هەمەلایەنەدا پەلەقاژەی خۆێ رزگاركردنی رژیم جارێكی تریش بە رەهەندە ئایدولوژیەكانی زیاتر بەرەو هەڵدێر دەچێت.

لایەنێكی تری تەنگاوی و ئالۆزیەكانی رژێمی كۆماری ئیسلامی روبەرووبوونەوەی ئەو رژیمە لەگەڵ دینامیكی ناوخۆیی بە تەواوەتییە كە ئەوەش بە واتای بن بەستی ناوخۆیی دێت. پرۆسەی ریفورمی دەوڵەتی بە بێ دەستكەوتێكی بەرچاو بۆ گەلانی ئێران كۆتایی پێهات و دوای نزیكەی 10سال دروشمی رواڵەتی ئەمجارەیان بە هاتنەسەركاری بەرێوەبەرایەتیەكی یەكدەست كۆنسرڤاتیو پرۆسەیێكی جیاوازتری دەست پێكردووە. دیارە هەڵوێستی پرۆتیستویی گەلانی ئێران لە هەڵبژاردنەكانی خۆلی حەوتەمی پارلمان، خۆلی نۆهەمینی سەرۆك كۆماری و سەرهەڵدانەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان ئاستی رەوایەتی رژیمی بە ئاوایێكی زۆر زەق و بەرچاو خستە ژێر پرسیارەوە و ئەوەش نیشان دەدات كە رژیم بە تەواوەتی لە كۆمەڵگا تەریك بووە. رژیمی كۆماری ئیسلامی وەكو لە بەرامبەری لایەنی دەرەكی لە بەرامبەری دینامیكی ناوخوییش هەمان ڕەوتی پاراستنی و پەیرەوكردنی سیاسەتی هێرشكاری و گوشار و سەركوتی گرتۆتە بەر. هەر لە ئێستاوە دیارە كە رژیم تەنگی بە هەر شێوە تێكۆشان و بەرەنگاریەكی دیموكراتیانە هەڵچنیوەو میتودی سەركوت پەیرەو دەكات. هاوكات لەو پۆزسیونەدا بۆ كێشەی ئەتنیكی ـ كەلتووری، كۆمەڵایەتی، ئابووری، حقوقی و... گەلانی ئێران چارەسەریەك لەو رەوشەی ئێستا بەدی ناكرێت. دیارە

ئەوە سیاسەتێکی زیاتر بەرەو بن بەست چوونەو چ لایەنێکی ئەو رەوشە بەرەو چارەسەری بۆ قەیرانە ناوخوییەکان ناچێت.

سیاسەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەری گەلی کورد لە چوارچێوەیێکی گوشار و سەرکوت بەرێوە دەچێت و چ گۆرانگاریەك بە سەر ئەو میتودە کلاسیکانەی نەهاتووە کە بە شێوەی نکۆلی و قرکردنی گەلی کورد پەیرەوی دەکرد. بە تایبەتیش لەو دووساڵەی دوایی دا زیاتر پەرەی بەو شێوە هەڵسوکەوتەی خوێ داوە و بە هەر شێوە گرتن، ئەشکەنجە و ترساندن و پەرەپێدانی سیاسەتی جاشایەتی و شێوازێکی ئیدارەی سەربازی لە هەرێمەکە سڵ ناکاتەوە. گوشارەکانی رژیم لە سەر گەل لە سەرهەڵدانەکان و هەتا ئێستاش گەیشتووە لووتکە. لە ماوەی ئەو دووساڵەدا کار و چالاکیەکانی PJAK بە فراوانی بەرێوە چووە لە ئۆپەراسیونی سەربازی و تۆپ بارانی ناوچەکانی نزیکی سنوور و گرتن و ئەشکەنجە و شەهیدکردنی ئەندامانی پارتی و لایەنگر و گەلی وڵاتپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بگرە هەتا رەشکردنەوەی ناسنامەی سیاسی PJAK و خستنە گەری گروپی کونتراگەریلا و پەرەپێدانی سیستمی سیخوری و سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی دیاردەی ناحەزی جاشایەتی و بە دەیان شێوەی تر دژ بە خەباتی دیموکراتیانە و ئازادیخوازی گەلەکەمان بە سەدان هێرشی پاکتاوکەری کردۆتە سەر پارتیمان. دیارە هەمو ئەوانە بێوڵام نەماوەتەوە و تا دێت خەبات و چالاکیەکانی پارتیمان گەورەتر دەبێتەوە و گەلی کوردیش ویستی دیموکراتیانەی خوێ لەگەڵ رژیم یەکلا کردۆتەوە. هەڵوێستی پرۆتیستویی گەل لە هەڵبژاردنەکان و سەرهەڵدانەکاندا بە واتای دیاریکردنی ئاستی رەوایەتی رژیم لە لایەن گەلی کوردەوە بو کە دیارە بە چ شێوەیێکی ئاشکرا سەلمێندرا. گەلی کورد بە ئیرادەی ئازاد و چالاکیە رەواکانی خوێ پێوانەکانی هەبوون و رەوایەتی رژیمی پێناسە کرد و ئەوەش ریفراندومێك بوو کە بە هەمو دونیای راگەیاند کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەت و هەڵسوکەوتە سەرکوت کارانەی پەسەند ناکەن.

رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاوا بوونی PJAK و خەبات و چالاکی دیموکراتیانەی پارتیمان پێی ناوەتە قۆناخێکی تێکۆشانی دیموکراتیانەی نوێ. سیاسەتی PJAK پشت بە ئیرادەی گەل دەبەستێ و پێشەنگایەتی هەڵوێستی ئازادیخوازی گەل دەکات. پارتیمان لە کۆنگرەی دووهەمینی خوێدا بە پاڵپشتی ئەو هەڵوێستە دیموکراتیانەی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکیە شکۆدارەکانی لە بەرامبەری رژیمی کۆماری ئیسلامی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانەی رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو دیموکراتیانەترین و بنگەیی ترین سیستەمی چارەسەری کێشەی کورد و چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ رژیم و وەکو پێوانی ئازادی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پەسەند کرد. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانەی رۆژهەڵاتی کوردستان وڵامی راستەقینەی ئەو ریفراندومەی گەلی کوردە کە چۆنیەتی پێکەوە ژیانێکی ئازادی گەلان لە ئێران پێناسە دەکات. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی بنگەیی لە سیستمی کۆما کۆمەڵانی کوردستانە کە لە هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوین چارەسەری کێشەی کورد لە ئاستی هەرە بڵێنددایە.

بەو پێیە گەلی کورد بە پشت بەستن بە دیموکراسی، سیستمی سیاسی ـ رێکخستنی و کۆمەڵایەتی خوێ ئاوا دەکات و چەندە رژیمی ئێران مافی کۆنفیدرالیزمی کوردستان بە فەرمی بناسێت و دان بە ئیرادەی کوردان دا بنێت، گەلی کوردیش تا ئەو رادەیە خاوەن رێز دەبێت و یاساکانی ئێران بە فەرمی دەناسێت و بە پێچەوانەی ئەوە گەلی کوردیش دەوڵەت بە فەرمی پەسەند ناکات. گەلی کورد هەتا ئاواکردنی سیستمی کۆنفیدرالیزمی خوێ و

گەیشتن بە مافەکانی بە پاڵپشتی ستراتیژی سەرهەڵدانی گەل و پاراستنی رەوا درێژە بە تێکۆشانی خوێ دەدات. لەو پرۆسەیە تەنیا مەرج بۆ رژیمی ئیران ڕاهاتن و پەسەندکردنی دیموکراسیە و پێویستە لە بەرامبەر نەتەوەبوونی دیموکراتیانەی گەلی کورد بە رێز بێت و کۆسپ و تەگەرە نەنێتەوە. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی لە هەمان کاتدا بە واتای تورکیا- سوریا- ئێراق و ئێرانی دیموکراتی دێت. لەگەڵ پێشکەوتنی سیستمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی، دەوڵەت تا ئاستی ئۆتۆریتەییێکی گشتی لە سەر کۆمەڵگا و دەزگاییێك بۆ ئارامی و ئاسایشی گشتی و خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان بچوك دەبێتەوە.
کۆنگرەکەمان هاوکات خەبات و چالاکیەکانی دووساڵی رابوردوی هەڵسەنگاند و سەرەڕای دەست نیشان کردنی کەمایەتیەکان و پێداچوونەوەیان تاکتیکی نوێ تێکوشان و چۆنیەتی رێکخستنی دیموکراتیانەی کۆمەڵگای بە شێوەییێك کە لە هەر ئاستێکدا ئیرادەی گەل بە شێوەییێکی راستەوخۆ لە کمۆنی گوندەکانەوە بگرە هەتا مەجلیسی گەل لە ناوچەو شارۆچکە و شار و ئەیالەتەکان کاریگەری لە سەر میتودی بەرێوەبەرایەتی هەبێت، دەست نیشان کرد تا رادەییێك کە هیچ تاکێکی کۆمەڵگا لە دەرەوەی رێکخستن نەمێنێتەوە.
تاکتیکی بنەڕەتی گەل بۆ بونیادنانی سیستمی کونفیدرالیزمی دیموکراتی، رێکخستن و چالاکی دیموکراتیانە، نافەرمانی مەدەنی و سەرهەڵدانی گەلە و هاوکات لە هەمو گۆرەپانی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، حقوقی، سیاسی و... دا خولقاندنی ئیمکانی ڕادەربڕینی دیموکراتی لەگەڵ بە بنەماگرتنی پاراستنی گەوهەری لە بەرامبەر هەر شێوە ئاستەنگی و هێرشێکی رژیم، دەبێت. لە هەمو ئەو پرۆسەیەدا پاراستنی رەوا گەرەنتی تێکۆشان و دەستکەوتە دیموکراتیانەیەکانی گەلە. پاراستنی رەوا مکانیزمی سەرەکییە کە ناسنامە و شەرەف و مافی گەل لە بەرامبەر هێرشی رژیم دەپارێزێت و تاکتیکەکەی گرێدراوە بە ئاستی نزیکایەتی رژیم و رادەی هێرشکاری ئەو بۆ سەر دەستکەوتەکانی گەلی کورد.
ژنان و لاوان لە کۆمەڵگادا بە تایبەتی پێشەنگایەتی ئەو سیستمە دەکەن. لە کۆنگرەکەماندا یەکیتی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان خوێ گەیاندە ئاستێکی بەرزی رێکخستنی و رێنوماییێك بۆ لە ئامێزگرتنی هەمو لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا. هاوکات یەکیتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان YJRK بە هەڵسەنگاندنی کێشەکانی ژنان رێنومایی و بەرنامەی نوێ بۆ چارەسەرکردنی هەمو کێشەکانی ژنان و پەروەردە و رێکخستنی ژنان دەست نیشان کرد.
لە کۆنگرەکەماندا رەوشی رێبەری کۆما کۆمەڵانی کوردستان رێبەر ئاپۆ و ئەو کونسیپتەی کە لە کەسایەتی ئەواندا لە سەر هەمو گەلی کورد پەیرەو دەکرێت هەڵسەنگێندرا. ئەو سیاسەتانەی کە چارەسەری بە بێ رێبەر ئاپۆ بە سەر گەلی کورد دادەسەپێنێن لە بنەمادا ئینکاری ئیرادەی ئازادی گەلی کورد دەکەن. رێبەر ئاپۆ لە ناوەندەی تەواوی خەبات و چالاکیەکانمان دادەبێت و ئازادی رێبەر ئاپۆ ئازادی گەلی کوردە. بۆ گەلی رۆژهەڵاتی کوردستان رەوشی رێبەر ئاپۆ هەستیارترین بابەتی ژیان و تێکوشانە. کۆنگرەکەمان بریاری دا کە پەرە بە ژیان و فەلسەفە و پێوانەکانی ئازادیخوازی رێبەر ئاپۆ لە گۆرەپانی رۆژهەڵاتی کوردستان بدات. ریفراندومی "من رێبەر ئاپۆ وەکو ئیرادەی سیاسی خۆم پەسەند دەکەم" پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێوە و بانگ لە هەمو چین و توێژی گەلی کورد بە تایبەتی ژنان و لاوان دەکەین کە پێشەنگایەتی ئەو ریفراندومە و خاوەندارێتی لە ئیرادەی ئازادی گەل، رێبەر ئاپۆ، بکەن.

بانگ لە رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین کە کۆتایی بە سیاسەتی ئینکار و قڕکردنی لە سەر کوردان بێنێت و مافی کونفدرالیزمی گەلی کورد بە فەرمی بناسێت، دیارە گەلی کورد بە مەرجی دان نان بە ئیرادەی ئازاد و دیموکراتیانەی، رژیم بە فەرمی دەناسێت.
بە پێی پێوانی دیموکراتیانە PJAK لە هەمو بوارێکەوە هەڵوێستی روون ئاشکرایە و لەگەڵ هەمو لایەنێکی دیموکراسیخوازی نەتەوەیی و ناونەتەوەیی بە بێ جیاوازی ئامادەی دان و ستاندن و تێکۆشانی هاوبەشی دیموکراتیانەیە. بۆیە PJAK وەکو پارتیەك بە ستراتیژی نەتەوەیی دیموکراتیەوە ئامادەی پەیوەندی و هاوکارییە لەگەڵ هێز و لایەنی سیاسی هەمو پارچەکانی کوردستان و هاوکات بانگ لە ئۆپۆزسیونی ئێرانی و هەروەها پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە لەو قۆناخە هەستیارەدا هەنگاو بەرەو یەکگرتن و خەباتێکی هاوبەش بهاوێن و لە پلاتفورمێکی نەتەوەیی دا هەوڵەکانی یەکگرتوویی پەرە پێبدەن.
لە کۆنگرەکەماندا بە تایبەتی رووی دزێوی سیاسەتەکانی رژیم لە سەر گەلی کورد و دیاردەی نەفرەت لێکراوی جاشایەتی هەڵسەنگێندرا. دیارە سیاسەتی "کورد بە کورد کۆشتن" لە کۆنەوە زەبری لە گەلی کورد داوە، ئەورۆکەش رژیمی ئێران بە هەمان ئامانج پەرە بە سیاسەتی جاشایەتی دەدات. گەلی کورد پێویستە لەو بارەوە زۆر وشیار بێت و مەجال بەوە نەدات کە کورد لە دژی کورد بەکار بێنن، بە تایبەتی رووی بانگمان لەو کەسانە دەکەین کە بە شێوەیەك فریویان خواردووە و کەوتوونە ناو داوی ئەو سیاسەتانەی دوژمنەوە. مێژوو لەو ئاکارانە خۆش نابێت بۆیەش بانگەوازی گەرانەوە بۆ ئامێزی گەل لەو کەسانە دەکەین و هیوادارین کە گەلەکەشمان بە کراوەیی و هەستیاری مامەڵە لەگەڵ ئەو رەوشە بکات.
کۆنگرەی دووهەمی PJAK خوێ گەیاندووەتە ئاستی ستراتیژی و تاکتیکی مودیرن کە توانایی وڵامدانەوە و پێشەنگایەتی قۆناخی تێکۆشانی نوێ گەلەکەمانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. بەو پەری باوەرییەوە بە نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدان و نرخەکانی شۆرش بەرپرسیاری پێشەنگایەتی ئەو بزاڤەی گرتۆتە ئەستۆ و لەمرۆ بەدواوە ماندونەناسانە بۆی هەوڵ دەدات. لە سەر ئەم بنەمایە بانگ لە هەمو چین و توێژەکانی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی لە کوردستان بە تایبەتی ژنان و لاوان دەکەین کە بە هەستی بەرپرسیاری و وڵاتپارێزی خۆیان لەو رێگایەدا کۆڵنەدەرانە پەرە بە چالاکی و تێکوشان و خەباتی دیموکراتیانەی خۆیان بدەن و لە پێناو گەیشتن بە مافی رەوا و ئازادی گەلەکەمان بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان پێك بێنن.
لەگەڵ سلاو و رێزی شۆرشگێڕی

مەجلیسی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK
2005/11/19